

## کاتژمێر لە دەس

لە وەرزی هاوین، زیاتر جلوبەرگی تەنك و كورت دەپۆشرێ، ئەوەش بەهۆی گۆڕانی مۆدەی جلوبەرگ و هەروەها گەرمی ئەو وەرزە کە پێویستی بەو جۆرە جلانە هەیە، بەمەش بەشێك لە جەستە دەردەکەوێ و دیار دەبێ، بە پێچەوانەی وەرزی دیکە، بەمەش دەتوانین ئەو بەشەی لە جەستەدا دیارە، بە مۆدەی دیکەی قەرەبووی بکەینەوە و جوانتری بکەین، یەکێك لەو شوێنانەی کە لە وەرزی هاویندا دیار دەبن، دەستە، کە بەشێکی جەستەیە و لەو وەرزەدا بەهۆی پۆشینی بۆدی و کراسی قۆڵ کورت، دەردەکەوێ، بەمەش دەتوانین لە ڕێگەی ئێکسسوارەکاندا دیمەنێکی تازەیان بۆ

## دەستەگوڵی بووك







خانمانی بووك، پێویستیان بە ئامادەکارییەکی تەواو دەبێ لە ڕۆژی ئاهەنگ، کە ئەوەش بەشێکی گرنگی جوانکاری بۆ بووکەکانە، بەهۆی ئەوەی لەو ڕۆژەدا کە ئەو کچەی دەبێتە بووك، یەکێکە لە شازادەکان، بۆیە هەرچەندە لە بوارە جیاجیاکاندا گرنگی پێبدرێ، بەمەش بە ئەنجامی لوتکەی جوانکاری دەگات، خانمی بووك پێویستی بە چەند ئامادەکارییەکی سەرەکی و لاوەکی هەیە، ئەوانەی کە سەرەکیین بریتین لەوانە: کراسی بووك - تەسریحە – ماکیاژ –پێڵاو- ئێکسسواری سەرەکی وەك ئەڵماس و زێڕ و زیوو – هەروەها لە کۆتاییشدا دەستە گوڵی دەستی بووك، کە ئەوانە دەبن بە بەشێکی سەرەکی پێداویستیەکانی بووك، جگە لەوەش بەشەکانی دیکەی لاوەکی هەن وەك: تاجی سەر – خەنەی دەست، ئەوەی لێرەدا گرنگی پێدەدەین، گوڵی دەستی خانمانی بووکە، کە جگە لەوەی هێمای خۆشەویستی و وەفایە، هەروەها مۆدەیەکی جوان و پایە بەرزە لەگەڵ جوانی کراس و بەشەکانی دیکەی جلی بووك دەگونجێ، بۆیە لە ڕێگەی ئەو دەستەگوڵانەوە، بە جوانییەکی شایستە و جوان دەگەین و کە هەردەم لە دەستی بووك دەبێ، هەروەها خانمانی بووك دەست بە تاڵ نابن لە کاتی ئاهەنگدا.

## شێوازی دوو ڕەنگە بۆ کراسی کوردی



زۆری مۆدەو جیاوازی ستایلەکان لە کراسی کوردیدا، جێگەیەکی بایەخ و گرنگی خۆی دەنوێنێ لەسەر شێوازە تازەکانی جلوبەرگی کوردی، بە جۆرێك ئەو جلانە بە شێوازێك ئامادەکاری بۆ دەکرێ، کە پێویستی بە تازەگەری لە مۆدەکە و هەروەها گۆڕانکاری لە ڕەنگی کراسەکانیشدا دەکرێ، بەمەش دەتوانین بگەین بە ئەنجامی دەستکەوتنی مۆدەیەکی تازەی ئەو جلە، کە شایستەی جوانییەکی ڕەها بێ، نیشاخان کچە دیزاینەری جلی کوردییە، لە درێژەی کارەکانی گرنگییەکی تایبەت بە جلی کوردی دەدات و تەنانەت لە شێوازە تازەکانیش بەرهەمی هەیە، کە بیرۆکەی جوان بۆ ئەو جلە جوانانە دادەنێ، لە یەکێك لە ستایلە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو خانمە، جلێکی کوردی مۆدێرنە و لەسەر ستایلی تازە دروست کراوە، کە لە دوو ڕەنگی سەرەکی پێکهاتووە، یەکێکیان ڕەنگی سپی کە ڕەنگی کراسە، ئەوەی دیکەش پورتەقاڵی یان زەردی کاڵە، بەشی سەرەوەی کراسەکەی پێکهێناوە، ئەمەش وادەکات کە جلێکی نایابی لێدەربچێ و شێوازێکی جوانی لێوە ئامادە بێ، لەگەڵ ئێلەگێکی ناسك و ڕازاوە لە ڕەنگی سپی بۆ سەرەوەی کراسەکەیە، کە ئەم ئێلەگ و ستایلی کراسەکە، مۆدەیەکی گونجاو نیشان دەدەن و ڕێکخستنێکی تەواو دەردەخەن.

# دوو دەستە جلی هاوشێوە بۆ هاوین

جلوبەرگ هەردەم لە پێشەنگدا دەبن لە کێبرکێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جوانکاری، چونکە جلوبەرگ کاریزمای خۆی هەیە و لە گەورەیی خۆی کەم ناکاتەوە، بەمەش جوانیەکی ڕەها بە جەستەی خانمان دەبەخشێ، زیاتریش لە وەرزی هاوین و بەهار، کە ئەو دوو وەرزە، جلوبەرگ بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەون و جیاوازیان دەبێ لەگەڵ وەرزەکانی دیکەدا، بۆیە لە ڕێگەی جلوبەرگ، یان دەستە جلی بەیەکەوە، کە مانایەکی پڕ جوانی دەبەخشێتە جەستە، یان دەکرێ لە ڕێگەی ئەو دەستەیە، کە خۆی دەگرێ لە کۆمەڵە کەرەستەیەك وەك: کراس – بلووزی هاوینە – پانتۆڵ- گوارە –پێڵاو- جەنتای دەست- کاتژمێر-ملوانکە، ئەو کۆمەڵە کەرەستەیە لە کاتێکدا ئامادە کراوە، کە لەلایەن پسپۆڕانی بواری جوانکاری پێشتر تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە، ئەمەش بۆ زیاتر یارمەتیدانی خانمان، تاوەکو بتوانن چ جۆرە ڕەنگ و کەرەستەیەك هەڵبژێرن نەوەك تووشی دڵەڕاوکێ ببن و نەزانن چۆن بەشەکانی دەستەجلێك هەڵبژێرن.





## ـتی خانماندا

بڕەخسێنین وەك: کاتژمێر و بازنگ، بەڵام زیاتر لە وەرزی هاویندا کاتژمێر مۆدەی دەگەڕێتەوە و بەپێچەوانەشدا لە وەرزی زستاندا کاتژمێر باوی نابێ و تەنانەت ئەگەر لە دەستیش بکرێ دەرناکەوێ و ون دەبێ، بەڵام لە وەرزی هاویندا زیاتر بە کراوەیی و ڕازاوەیی دەبینرێ، ئەو کاتژمێرانەی لەو وەرزەدا باویان دەبێ، کە ناسکن و لە ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشن، چونکە لەسەر جەستەدا دیار دەبێ، بەمەش پێویستە لە ڕەنگ و شێوەیەکی بچووکدا بێ، مەبەستیش لەوە بە ناسکی و تەنکی جوانییەکی خۆی نیشان بدات و لەگەڵ جوانی دەست بگونجێ.

# ماکیاژی لێو لە وەرزی هاوین

چەندین جۆرە ماکیاژ هەن بۆ گشت بەشەکانی جەستە، هەر یەکە پێویستی بە شێوەیەکی تایبەتە، کە هەر مۆدەیەك لەو مۆدانە، دەبێ بە خواست و ویستی ئەو کەسە لێبدرێ، زیاتر ماکیاژەکان بۆ ڕووخسارە، کە ئەویش چەند بەشێکی لێدەکەوێتەوە لەوانە : ماکیاژی چاو – ماکیاژی لێو –ماکیاژی ئەساس کە بۆ ڕووخسار ئەنجام دەدرێ، ئەوەی لێرەدا و لەم وەرزەدا گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە،ماکیاژی لێوە، یان سووراو کردنی لێو و بۆیە کردنە، هەر یەکێك لەو هەنگاوانە شێوازێکە بۆ جوانکردنی لێو بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر، ئەو ماکیاژ و شێوازانەی بۆ لێو ئەنجام دەدرێ ئەوانەن: ڕەنگ کردن و هێلکاری لێواری لێو و بە بریقە کردن و دانانی ڕەنگی تۆخ و سادە، لە وەرزی هاویندا ڕەنگ و بۆیەی لێو دەبێ تۆخ بێ، هەروەها ئەو ڕەنگانەی بەکاردەهێنرێن بۆ لێو زیاتر: سوور – پەمەیی، هەر یەکە بە جۆرێکی زیاتر دەڕازێنرێتەوە کە کاڵ یان تۆخ بکرێ، لەگەڵ هەنگاوی کۆتایی کە بە بریقە کردنە یان بە شێوەی خۆی دەمێنێتەوە و بەبێ بریقە دەبێ، کە ئەوەش کەرەستەی خۆی هەیە وەك بۆیە و فڵچەی بریقەدار کردن، ئەوەش زیاتر بەپێی خواستی ئەو کەسە دەوەستێ کە ماکیاژ بۆ لێوی ئەنجام دەدات.



# دوو وێنەی مێژوویی شاری هەولێر





هەولێر شارێکی کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، تەنانەت لە کتێبە گەورەکانی مێژوودا باسی هەولێر کراوە و بەمەش وەك شارێکی شارستانی کۆن و دێرین دادەنرێ، بەهۆی ئەوەی کامیرا و وێنە بۆ سالانێکی درەنگ گەیشتۆتە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەها کوردستانیش، بەلام لەلایەن کەسانی دیکەی بیانی و هەندێك لە شارەزایانی وێنەگرتن هاتوونە هەولێر و چەند وێنەکەیان گرتووە، بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ هەولێر، کە لەم دوو وێنەیەدا یەکێکیان لە ساڵی (١٩٢٣) گیراوە کە ئەویش لە ناو فرۆکەوە، وێنەکەش لەناو فرۆکەیەکی هێزە بەریتانییەکاندا گیراوە و دواتریش دەست خەڵکی هەولێر کەوتووە، وێنەی دووەمیش گوزارشت لە بازاڕێکی هەولێر دەکات کە لە ساڵی (١٩٤٠) گیراوە، لەم وێنەدا بازاڕەکانی ئێستای قەیسەری کە ئەوکاتە بە بازاڕی ژێر قەلا دەناسرا دەردەکەوێ، لە وێنەکەدا وڵاخ دەبینرێ کە لەناو بازاڕەکاندا هاتوچۆی دەکرد، هەروەها چەند کەسێك خەریکی کاری فرۆشتنی کەرەستەن.

## ئۆتۆمبێلێک لە کامێرا

دروست کردنی کەلوپەل و ئامێرەکان، هەردەم بە شێوازێکی ستاندارد دەبێ و لە ڕێچکە و شێوەی خۆی دەبێ و بەلام هەندێك جار لەدوای ئەو ستانداردە، کاری تازەگەری بۆ دەکرێ، وەك لەلای خۆشمان ئۆتۆمبێل بە چەندین شێوەی جیاواز دەڕازێنرێنەوە، ئەمەش وەك لادانێك لە شێوازی سەرەکی خۆی، ئەم ئۆتۆمبێلەش یەکێکە لەو کارە سەیرانە، کە سەرتاپای ئەو ئۆتۆمبێلە لە کامێرا داپۆشراوە، هەر کامیرایەك لە شوێنی خۆی کار دەکات و دەکرێ دەوروبەری خۆی بە چرکەیەك سەدان وێنەی جیاواز بگرێ، ئەمەش کاری لە داهێنەرێکی ولاتی ئیتاڵیا بە ناوی (تیادۆ ماتیز)ە و کاری خۆی وێنەگرتنە و ئەمەش یەکێکە لە بیرۆکە سەیرەکانی لە بواری وێنەگرتندا.

## جۆلانێی کوردەواری




لە پێشوودا، بەر لە دەرکەوتنی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی لە بواری داهێنان و کاری ناو ماڵ، کە لە کۆندا گرنگیەکی زۆر بەو لایانە دەدرا و ئەمەش بە بیرۆکەی جوان و سەیر سەریهەڵدەدا، لەناو کورددا بیرۆکەی زۆر جوان ئامادەکراوە، تەنانەت هەندێکیان جێگەی سەرسوڕمانییەو تاوەکو ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێن، یەکێك لەو بیرۆکە جوانانە دروست کردنی جۆلانێی دەستکردە، کە لە پارچە قوماشێك



## بەهێزترین کچ!

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە کچ بێهێزن و توانای جەستەیان لاوازە، ڕەنگە ئەوە لەلای هەندێك کچی ناسك وابێ، بەلام کچی بەهێز و بە توانا هەیە لە گشت بوارەکاندا، تەنانەت دەتوانن چەند کەسێك بە دەستە ناسکەکانیان هەڵبگرن و وەك پاڵەوانێك نمایش ساز بکەن، لە وڵاتی ئۆکرانیا کچێك بە ناوی (ڤاریا ئەکۆلۆڤا) لە دایك بووی (١٩٩٢)ە، ئەوەی سەیرە ئەو کچە خاوەن توانایەکی بەهێزە لە رووی جەستەوە، هەر لە تەمەنی منداڵی شتی قورسی هەڵگرتووە کە جێگەی بڕوا کردن نەبووە، لە دواترین کارەکانی ئەو کچە، کە هەڵگرتنی (٣٠٠) کیلۆگرام بووە، ئەوەش دەکاتە (٤) ئەوەندەی کێشی جەستەی خۆی، بەبێ ئەوەی ئەزیەتێکی پێبگات.





## دوو پشیلەی جمک و چاو دوو ڕەنگە


گیانداران، شێوە و قەبارەیان جیاوازە و هەر یەکە یان هەر پۆلێك لە گیانداران لەگەڵ پۆلی دیکەدا جیاوازیان هەیە، بەڵام هەندێك جار شێوەیەك لە شێوە سرووشتییەکان لە ڕێچکەی خۆی دەردەچێ و دیمەنێکی دیکە تۆمار دەکات، کە ئەوەش لەبەرچاوی مرۆڤدا دەبێتە حاڵەتێکی سەمەرە، وەك لەم دوو پشیلە جمك و سەیرەدا دەردەکەوێ، لە وڵاتی هەنگاریا، ئافرەتێکی بەتەمەن پشیلەیەکی دەبێ، ئەو پشیلەیەش دوو بێچووی دەبێ بەیەکەوە، ئەوەی سەیرە ئەو دوو پشیلەیە، چاوەکانیان وەکو یەك نین و جیاوازیان هەیە لە ڕەنگەوە، کە هەر پشیلەیەك لەو دوو پشیلەیە چاوێکی ڕەنگی شینە و چاوێکی دیکەشی ڕەنگی قاوەییە، تەنانەت لەگەڵ یەکتریش وێنەیان گیراوە و چاوەکانیشیان کێشەی نییە و دەتوانن بە هەردوو چاوە دوو ڕەنگەکانیان ببینن.




یان لبادێکی بەهێز، کە هەردوو سەری بە گوریس لە دار دەبەسترا، جۆلانێ زیاتر بۆ منداڵەکان دادەنرا، لەوکاتەی کە دایك یان کەسوکاری منداڵەکە خەریکی ئیش و کار دەبوون، بەمەش ئەو جۆلانەیە دەبووە هۆی خافڵاندنی منداڵەکە کە زۆر جار وەك شوێنێك بۆ خەوتنی منداڵ بەکاردەهێنرا، جۆلانێ لەناو کوردەواریدا زیاتر لە دار دەبەسترا، کە شوێنێکی فێنك و خۆشە و لە ژێر سێبەری داران دادەنرا، هەروەها لەناو ژوورەکانیشدا دادەنرا، ئەویش بە گوریسێکی بەهێز لە سەقفی ماڵ دادەنرا و دەبووە جێگەیەکی خۆشی و جۆلانێ کردنی گەورە و بچووکەکان.

## پێشبڕکێی جوانترین قژ


بەمەبەستی زیاتر بڵاوکردنەوەی بواری ڕۆشنبیری و بواری جوانکاری، کە لایەنێکی گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی باشووری ئەفریقیا، بەمەش هەنگاوێکی گەورە دەهاوێژن تاوەکو بتوانن لەم لایەنەدا کاری خۆیان بکەن، لە یەکێك لە سەیرترین پێشبڕکێ لە وڵاتی مەنگۆلیا، ئەویش پێشبڕکێی جوانترین تەسریحەی قژە بۆ کچان و ئافرەتانی ئەو وڵاتە، کە دەبێ بەپێی مۆدە و ستایلی





تایبەت بە ئەوانەوە خۆیان ڕازاوە و جوان بکەن و بەشداری بکەن لە پێشبڕکێی خاوەن جوانترین وسەرنجڕاکێشترین قژ، ئەوەی سەیرە تەسریحەکانە، کە هەر یەکە بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە جوان دەکرێ، هەندێکیان بە میوە و سەوزە دەڕازێنرێتەوە و یان هەندێکی دیکە بە لەف و لوولە چاك دەکرێ، تەنانەت هەندێکیان قژیان لە شێوەی سەبەتەیەك لێدەکەن و ئەمەش بۆ وەرگرتنی خاڵی پێشبڕکێیەکە.





## خانمی میوە و سەوزە فرۆش!

لەناو کوردا، چەندین بەستە و گۆرانی بەسەر خانمی گوڵ فرۆش گوتراوە و کە ئێستاش وەك خانمێکی شازادە باس دەکرێ، کە ئەوەش جۆرێکە لە کارکردن، شتێکی جوانە و بەهرەی هەموو کەسێکە، هەر کارێك تایبەتمەندی و کاریگەری خۆی هەیە، هەر کەسێك بە ئیش و کارێکەوە خەریکە و کاری خۆیان جێبەجێ دەکەن، هەندێ کەس حەز ناکەن هەموو کارێك بکەن، بەڵام ئەگەر سەیری (ئیڤانا)ی ئۆکرانی بکەین، کە کچێکی شۆخ و شەنگە و کەچی کاری فرۆشتنی میوە و سەوزە دەکات، ئەوەی سەیرە کەسیش تانەی لێنادات و قسەی پێنالێ، بە جوانییەکەی، بازاڕێکی چاکی بۆ خۆی پەیدا کردووە.



# قوتابخانە و لافاو

خوێنـــدن و قوتابخانـــە، پایەکی بەرزی فێربـــوون و هێمایەکی گەورەیە لەلای مرۆڤ، دەبێ هەمووو کەسێك ڕێز لەو دوو لایەنە بگرێ و هەر چۆنێك بێ بیپارێزن و لە دەســـتی نەدەن، لە یەکێك لـــە بەهێزترین حاڵەت و وێنەکاندا کـــە لە قوتابخانەیەکی وڵاتی ئەندەنوسیا، وێڕای ئەوەی مەترسی لافاو و زریانەکانیان لەسەرە لە تسۆنامی بەهێز، لەو کاتەی کە قوتابخانەیەك لە یەکێك لەسەر کەنارەکانی ئەو شـــارەدا هەیـــە، زوو زووە ئاوی دەریاکان دەچێتە نـــاوی و قوتابخانەکە پڕ دەکات لە ئـــاوی دەریا و باران، بەڵام وادیارە ئەو مامۆستا و قوتابیانە کۆڵ نادەن و بە ئاو و لافاویش وانەی خۆیان دەخوێنن.

# جلی سەمەرە!

دروست کردنی جلوبەرگی سەیر و جوان، بە چەندین ڕێگەی جوان و ســـەیر دروســـت دەکرێ، یان هەندێك لە جلـــەکان بە جۆرێك دروســـت دەکرێن کە جێگەی بایەخ و سەمەرە دەبن، لە ڕێگەی ئەو جلەوە، دەتوانین دیمەنێکی شایســـتە و سەرنجڕاکێش بە جەستە بدەین، ئەو بۆدیەی دەیبینین کە شـــێوەیەکی ســـەیری لەسەر دروست کراوە، ئەویش دەستێکە ئەگەر لە دوورەوە سەیر بکەی، دیمەنێکی ســـەیر دەردەکەوێنێ، ئەگەریش لە دووردا ببینیـــن، وەك ئەوەی دەســـتێك ناوقەدی ئەو کەسەی گرتبێت وایە.

## بۆ زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شەوبۆ) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (باڵندەیەکی چاو تیژە و بەهێزە)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە کچان بەکاریدەهێنن بۆ زیاتر خۆشەویست بوون)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە دەخرێتە سەر پشتی ئەسپ)
- پیتی خانەکانی (١+٢)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ هەوا)

## پەندی ناوداران



- ئەریك فرۆم بۆ خۆشەویستی دەڵێ :

خۆشـەویسـتی بـڕیـاردانە، هەڵسەنگاندنە،پەیماندانە بەیەکتر. ئەگەر خۆشەوستی تەنیا هەستێك بووایە هیچ پەیمانێکیش نەدەبوو لە نێوان یەکتر.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

تۆ بەوە بەناوبانگیت کە نهێنیت لای کەس نادرکێنیت. بـەڵام ئەم جارە تووش بوویت. کە نهێنیت لای کەســێك درکاند کە جێی باوەڕ نەبوو.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەنجامـــی ئـــەم جموجوڵـــەی دواییت ڕوون نییە. بۆیە پێویســـتە دووبارە هەوڵ بدەیتەوە. چونکە ئەم کارە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کێشـــە خێزانیەکەت ئەگـــەر زیرەکانـــە مامەڵـــەی لەگەڵ دا بکەیت، بـــەم زوانە کۆتایی پێ دێت خۆشی لە دەرگات ئەدات.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەم دوودڵی و ڕاڕایەت هیـــچ پێویســـتی بە پاکانەکـــردن نییـــە و ئـــەم ترســـەت لەخۆڕاییە، ئامۆژگاری خێزانەکەت زۆر بەسوود دەبێت بۆت.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بێ ئومێد مەبە، چونکە بەم زووانە دەرفەتێکی ترت بۆ ڕێك دەکەوێ و گەر تۆزێك خۆت ماندوو و هیلاك بکەی ســـەرکەوتن بەدەست دەهێنی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

خـــۆت بەشـــتی بچـــووك خەریـــك مەکە، لەبەرئەوەی بەخـــت لەگەڵتە خۆشـــی ڕووت تێ دەکات. خەمەکانیشـــت کەم دەبێتەوە.


## بە مانگی لە دایک بوونت خۆت بناسە


### لە دایکبووی مانگی (١١)

ئیرادەی زۆر بەهێزە- عەقڵی لەپێش تەمەنیەوەیەتی - وەرزش کارە - یارمەتی دەرە - دڵسۆزە - سۆزدارە - زۆر سەرنج ڕاکێشە - ڕقی لە درۆ و قسەی رەقە - خەیاڵییە- خاوەنی ڕۆحێکی بەهێزە – بیر لە شتی جوان دەکاتەوە بەر لەوەی ئەنجامی بدات.

## وێنە و بیر کردنەوە

لەم وێنەیەدا کە چەند چوارگۆشەیەك هەیە، هەوڵبدە بزانە چوارگۆشەکان چەندن !








■ منداڵێك بە باوکی دەڵێ: باوکە تۆ خەڵکی کوێی، ئەویش دەڵێ هەولێر، دەڵێ ئەی دایکم خەڵکی کوێیە، دەڵێ سلێمانی، دەڵێ ئەی من لە کوێ لە دایك بووم، ئەویش دەڵێ لە کەرکوك، منداڵەکەش دەڵێ: باوکە دەزانی زۆر سەیرە چۆن وا یەکترمان ناسیوە !

■ جارێکیان کوڕێك خوشکی براژنی خۆی دەخوازێ و لە دوای مارەبڕین، کوڕەکە دەچێتە لای ئەو برایەی کە دەبن بە هاوزاوا، بە براکەی دەڵێ: چیت دەوێ بووین بە خزم !

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گوندێکی کوردستانت بۆ دەردەچێت :

ه ه و ع ن یـ

وەڵامی ژمارەی پێشوو : داندۆك



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە بەبیرکردنەوە لەم زەرەرو زیانانەی کەپێشتر لێت کەوتون تازە ناگەڕێتەوە، هەوڵ بدە دەگەیت بەخەونەکانت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دوو چاوپێکەوتنی گرنگ زۆر شتی چاکی لێدەکەوێتەوە و سوودمەند دەبێت، هەواڵی خۆشت پێ دەگات لەبواری سۆزدارییەوە. ئەم هەلە باش بقۆزەوە.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەوڵ مەدە رای خۆت بەسەر کەسانی دەورووبەرت بسەپێنی. لەوانەیە ئەمە زیانت پێ بگەیەنێ گلەیی و گازاندەی هاوڕێکانت زیاد بێ لەسەرت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەبەردەوامی گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن باری دەروونیت تا رادەیەك ئارامە دڵتەنگ مەبە باری داراییت باشتر دەبێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە گردبوونەوەیەکی گرنگ بەشداری دەکەی کە دەبێتە جێی گرنگی پێدانێکی باش. بیرو کات سەنگی خۆی دەبێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەر چەندە تۆ ئەو کەسانەت لەبیر کردووە کە تۆیان خۆشدەوێ. بەڵام دڵنیابە ئەوان تۆیان لەیاد نەکردووە. گرنگی زیاتر بەخۆشەویستانت بدە.